# کورد و پرۆژەی یاسای نەوت و غازی کۆماری ئێراق

## بەشی چوارەم

جەوهەر نامیق سالم

**پرۆژەی یاسای نەوت و غازی حکومەتی فیدراڵی کۆماری العراق لە 2007/2/ 15 بەفەرمی لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانی بەغداوە پەسەند کراو ڕاگەیەندراو درا بە ئەنجوومەنی نوێنەران. لە وتارێکماندا لەڕۆژنامەی «هاوڵاتی» ، کاتی خۆی، ئاماژەمان بە لایەنە پۆزەتیڤەکانی کرد. جگە لەڕەخنە (گشتییەکان) ، کە هەر لەو نوسینەماندا باسمان کردبوو، ناوەڕۆکی ئەم پرۆژەیە، ژمارەیەکی زۆر لەپسپۆرانی بواری نەوت و ئابووریی ناوخۆ و بیانیش، کۆکن لەسەر ئەوەی کە هەنگاوێکە بۆ دواوەوە، بەتایبەتی سەبارەت بەکەرتی پیشەسازی نەوت و، ڕێبازی بەرخودان و ململانێی گەلانی ئێراق دژبە بەرژەوەندییەکانی زلهێزەکان و کۆمپانیا ئیحتیکاریەکانی بەدرێژایی زیاتر لەنیو سەدەی رابردوو.**

### نۆیەم

ئەمڕۆ( العراق) داگیر کراوە. دەسەڵاتی ناوەند لاواز وبێ توانایە. دۆسیەی نەوت و ئابووری و ئەمن وئاسایش هێشتا لای داگیرکەری ئەمریکیە. شەڕی ناوخو تاکو دێت توندوتیژتردەبێت. گەندەڵی سیاسی و ئیداری وئابووری لە لوتکەیە. دەستێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی لە پەرەسەندندایە. کەڵەکەبوونی گشت لایەنە نەگەتیڤەکانی رژێمی سەددام و، دارمانی ژێر خانی ئابوری و دەرئەنجامەکانی شەڕەکانی وسیاسەتی دکتاتۆری و فاشی رەفتارەکەی ، هەر هەموو ئەمانە وفاکتەری دیکەش وای کردووە دەسەڵاتی ئێستای (العراق ) تواناو وبواری وتووێژی ئەوتۆی نەبێت، کە بکەوێتە ژێر باری جۆرە رێککەوتنێکی درێژخایەن ، و گرێبەستی (مشارکە الانتاج ) لەگەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی زەبەلاح ، چونکە ئەم پرۆژە یاسایە ، هەر وەکو لە چەند جێگای ئەم بابەتە ئاماژەمان بۆ کردووە دەرگای والآکردووە بۆ ئەو جۆرە گرێبەستانە و،زەمینەشی خۆش کردووە بۆ ئەوکۆمپانیانە کە زیاتر لە (٨٣٪ ) یەدەگی نەوتی

العراق مەنەپۆڵ بکەن و، لە ئاستە جیاجیاکانی دەسەڵات و ناوەندەکانی بڕیاری فەرمی، ژمارەیەک (دەڵاڵیان) هەیە کە کار بۆ هەمان مەبەست دەکەن....!
هەندێ لە سەرانی فەرمی بەغداو بگرە لە هەرێمی کوردستانیش، بە نهێنی و لە پشت خەڵکی کوردستانەوە ، کار(بۆ) و(لەم) پرۆژە یاسایە دەکەن. تاکو ئەم سات و ئانە، جگە لە هەندێ قسەی هەڵدانی گشتی نەبێت بە شان وباڵی ئەم پرۆژەیەدا، کە جار و بار دەیخزێننە نێو دەزگاکانی راگەیاندنەوە، تاکو ئێستا پرۆژە یاساکە هێشتا نهێنیە بۆ خەڵکی العراق وکوردستان. لە واقیعدا ئەم جۆرە رەفتارە، لە بارەیەوە، نوێ نیە، بە تایبەتی لە هەرێمی کوردستان، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ئەم سەدەیە و بە تەحدید بۆ ساڵانی پاش ۲۰۰۰ .
ئاشکرایە لە پاش رووداوی ۱۱/ ئەیلولی/۲۰۰۱/ ، نەخشەی رمانی سەددام و رژێمەکەی لە لایەن ئەمریکاوە لە قۆناغی گومان دەرکەوت. لە نێوان ساڵانی ( ۲۰۰۳-۲۰۰٤ ) هەر دوو ئیدارەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان(هەولێر و سلێمانی) چەند گرێبەستێکیان ئیمزا کرد لە گەڵ کۆمپانیاکانی نەوتی( تورکی) و هاوبەشی(تورکی ونەرویجی) ولایەنی دیکەیش. لای کەمەوە دووانیان لە ئیدارەی سلێمانی و دووانی دیکەیان لە ئیدارەی هەولێر. ئەگەر چی ئەم گرێبەستانە زۆر بە نهێنی بوو بۆ کورد و راگەیاندنی کوردستان و دام ودەزگا فەرمیەکانی هەردوو ئیدارە و هەروەها هەتاکو شاردرایەوە لە پەرلەمانی کوردستان شاردرایەوە ولە زۆربەی هەرە زۆری ئەندامانی هەردوو حکوومەتەکەی ئەو سەردەمە. لە ئاستی سەرکردایەتی هەردوو حزبی دەسەڵاتداریش. ( یەکێتی و پارتی ) لە چەند کەسێکی لوتکەی دەسەڵات و هەندێ دەستوپەیوەندی ئەوانە نەبێت ، کە کەمترن لە پەنجەی دەست ، نەک هەر ئەوانی دیکە بێ ئاگابوون لە ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستانە، بەڵکو هەتاکو لە بەستنی یان هەر بوونیانیش .دواترو، لە رێگای چەند کەناڵێکی راگەیاندنی بیانیەوە، هەندێ زانیاری لە سەر ئەو گرێبەستانە بڵاوکرایەوە، ئەوەدەم و بە ئەمڕۆیشەوە تەفاصیل وناوەڕۆکی ئەو چوار گرێبەستانە (تەڵەسمێکە) بۆ خەڵکی کوردستان و حزب و لایەنەکانی سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی ئەم وڵاتە، کەچی هەر لە سەرەتاوە دەسەڵاتدارانی تورکی نەیاری کورد و دەسەڵات وخەڵکی دیکەی بیانی و ناوەندەکانی دیکەی پەیوەندار بە پیشەسازی نەوت لە تەفاصیلی ئەو گرێبەستانە ئاگاداربوون و بە حکوومەتی ئێستای ناوندی عێراقیشەوە ..!
بە هەر حاڵ مرۆڤ سەرسامە لە مامەڵەی سەرانی فەرمی هەرێمی کوردستان سەبارەت بە کاڵایەکی وەها ئیستراتیجی و گرنگ بۆ ئەمڕۆ وئایندەی خەڵکی کوردستان و، ئاستی هەستکردنیان بە مەسئوولیەت بەرامبەر ئەو خەڵکە وقوربانیەکانی، تۆ بڵێیت ئەمە بێ باوەڕی بێت بە خەڵک، بە رای گشتی کوردستان ، بە ناوەندەکانی سیاسی جەماوەری کوردستان. بە حکوومەتەکەی وبە پەرلەمانەکەی، یان خۆ بە زلزانییە لە ئاستی ئەو هەموو دیاردەیانە، و یان جۆرە بازرگانیەکی تایبەتیە لە نێوان نوخبەی دەسەڵاتی ئەم وڵاتە و کۆمپانیا بیانیەکان، یان هۆو هۆکاری دیکەی لە پاڵدایە ..؟!
ئەگەر چی سەرانی فەرمی دەسترۆی هەردوو حزبی دەسەڵاتدار تاکو ئێستا ئامادەنین

ناوەرۆكی ئەو چوار گرێبەستە بۆ خەڵكی خۆیان وناوەندە فەرمیەكانیش ئاشكرا بكەن ، لێرەدا ، بە كورتی ئاماژە بە چەند لایەنێكی ئەو گرێبەستانە دەكەین، هەروەكو لە هەندێ كەناڵەكانی راگەیاندنی بیانی بڵاوكراوەتەوە، بە ئومێدی ئەوەی دەسەڵاتی فەرمی هەرێمی كوردستان ئەو گرێبەستانە بڵاوبكاتەوە وجەماوەری ستەمدیدە وهەژاری كوردستانیان لێ ئاگادار بكاتەوە لە تەفاصیلیان:

١- گرێبەستێک لە سەر بنەمای (مشاركه الانتاج) ( Production Sharing)لە ٢٠٠٣/١/١٤ لە نێوان ئیدارەی حكوومەتی سلیمانی ئەودەم وكۆمپانیایەكی توركی بە ناوی (پت ئۆیل پترۆلیوم ) (-Pet Oil Petroleum Products International Exploration & Production Inc . ئەم گرێبەستە پێش (رزگار)ی العراق، ئیمزا كراوە ، واتا پێش ٢٠٠٣/٤/٩و، لە دیباجەی ئەم گرێبەستەدا هاتووە :

١-١ بۆ ئەم گرێبەستە، پشتبەستراوە بە یاداشتی كۆتایی بە ناوی ( المذكره النهائیه = Final Statement ) كە لە ١٧/ ئەیلولی ١٩٩٨ لە نێوان پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریكا لە واشنتۆن ئیمزا كرا .

١-٢ ئەم گرێبەستە لەسەر ئەساسی ( مشاركه الانتاج) ە .

١-٣ ماوەی ئەم گرێبەستە بۆ (٤٠) ساڵە.

١-٤ ئەو كێڵگانەی كە دراوە بەم كۆمپانیا ( كێڵەگەكانی چیاسورخ ، كێڵگەكانی كفری ، و كێڵگەكانی چەمچەماڵ ) ە ، ئەمەش بە پێی نەخشەیەكی تایبەتی كە هاوپێچی گرێبەستەكەیە وەكو پاشكۆیەک .

١-٥ بەڵێندەر كە كۆمپانیایەكی توركیە ، و بە پێی ئەم گرێبەستە ، تەمویلكردنی عەمەلیاتی نەوتی لەسەرە ، واتە تەكالیفی بە دوا گەڕان و بیرلێدان و دەرهێنانی نەوت وگواستنەوە ، ئەو بڕە پارانە وەردەگرێتەوە پاش دەستپێكردنی بەرهەمهێنانی نەوت و، ئەمیش بە شێوەیەكی ورد وبە تەفصیل بە پێی چەند هاوكێشەیەكی تایبەت تەسبیت كراوە . پاش دەرهێنانی تەكلیفەی بەرهەمهێنان و گشت خەرجەكانی دیكە، قازانجەكەی دابەش دەكرێت بە رێژەی (٥١ ٪ ) ی بۆ پارێزگای سلێمانی و (٤٩ ٪ ) بۆ كۆمپانیا توركیەكەیە.

١-٦ ئەم گرێبەستە بە زبانی ئینگلیزی (٤٣) لاپەڕەیە ، لە لایەن ئیدارەی سلێمانی ئەودەم ( فەرەیدون عەبدولقادر) ( وەكو جێگری سەرۆک وەزیرانی ئەو ئیدارەیە) و پرۆفیسۆر H. G. koksal سەرۆكی ئەنجوومەنی ئیدارەی كۆمپانیای (پت ئۆیل) ئیمزاكراوە .

٢- لە ٢٠٠٤/١/٢٠ گرێبستێكی دیكە لە نێوان ئیدارەی (سلێمانی ) و كۆمپانیایەكی دیكەی توركیا بە ناوی(جنێل بۆ وزە) Genel Energi A.S، ئیمزاكراوە. ئەم گرێبەستە:

٢- ١لە دیباجەكەیدا، پشتبەستراوە بەوەی كە گەلی كوردستان لە رێگای هەڵبژاردنێكی

دیموکراتی پەرلەمانێکی بۆ خۆی هەڵبژارد و ئەم پەرلەمانە حکوومەتێکی بۆ هەرێم دامەزراند هەر ئەوانیش یاسایان دەرچواند بۆ بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمە و، لە بەر ئەوەی گەلی کوردستان خاوەنی سەروەتی سروشتی هەرێمە، ئەوە دەسەڵات بە حکوومەتی هەرێم دەدات بۆ وەبەرهێنانی ئەو سەروەت وسامانە سروشتیە، هەروەها دیباجەکەی ئاماژە بە هەمان ( یاداشتنامەی کۆتایی لەنێوان پارتی ویەکێتی واشنتۆن دەکات ...) .

٢-٢ ماوەی ئەم گرێبەستە (٢٥) ساڵە . وقابیلی درێژکرنەوەیشە بۆ (٥) ساڵی دیکە. ٢-٣ ئەو کێڵگانەی کە ئەم گرێبەستە شمولی دەکات لە نەخشەیەکی تایبەتی بە وردی وبە تەفصیل دیاری کراون وەکو پاشکۆیەکی.
٢-٤ ئەم گرێبەستە لە سەر بنەمای ( مشارکە الانتاج) ە .
٢-٥ ئەم گرێبەستە لە لایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستان (د. بەرهەم ساڵح ) وەکو سەرۆک وەزیرانی هەرێمی کوردستان ( ئیدارەی سلیمانی و ، لە لایەن کۆمپانیای تورکی (محەمەد سێپیل Mehmet Sepil، ئیمزا کراوە.
٢-٦ ئەم گرێبەستە بریتیە لە (٣١) مادده لە گەڵ دوو پاشکۆ بە (٧٠) لاپەرە .
٣- لە رێکەوتی تەمموزی /٢٠٠٤ ، گرێبەستێک لە نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان( (ئیدارەی هەولێر ) و کۆمپانیای ((DNO نەرویجی وتورکی ئیمزا کراوە . بە پێی راگەیاندنێکی فەرمی ئەو کۆمپانیایە بلاوکرایەوە International Oil Daily لە ١٢/ ئابی / ٢٠٠٥ ئەم گرێبەستە :
٣-١ لە سەر بنەمای ( مشارکە الانتاج) ە.
٣-٢ ئیمتیازی ئەم کۆمپانیایە ناوچەیەکی نزیکی (زاخۆ) و دەشتی هەولێرە .
٣-٣بە پێی راگەیاندنی ئەو کۆمپانیایە و چەند قسەکەرێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پاش ( مەسحێکی سیزامی ) لە ناوچەی زاخۆ دەستکراوە بە لێدانی چەند بیرێک و، لەوە دڵنیا بوونە کە نەوتێکی زۆریان دۆزیوەتەوە بە کولفەیەکی کەم لە ماوەیەکی کورت و، سەرەتا توانای بەرهەمهێنانی رۆژانەی ئەو بیرانە (١٥) هەزار بەرمیلە، هەروەها قەول بوو ( مسح) ی سیزامی دەشتی هەولێریش تەواو بێت.
٣-٤ باس لەوە دەکرێت کە ماوەی ئەم گرێبەستە (٤٠) ساڵە.
٤- لە پاش ساڵی ٢٠٠٣ حکوومەتی ناوەندی بەغدا دوو یاداشتنامەی لە یەکتێگەشتنی ئیمزا کردووە ، یەکەمیان لە گەڵ کۆمپانیای ( وودساید ئەنەرجی ) ی ئوسترالی، بۆ نرخاندنی کێڵگەی (تەقتەق) و، دووهەمیان لەگەڵ کۆمپانیای ( وسترن ئۆیل ساندز) ی کەنەدی ، بۆ نرخاندنی عەمەلیاتی جیولۆجی لە کوردستان.
ئەوەی رەچاو دەکرێت لەو زانیاریانەی کە تاکو ئێستا بلاوکراوەتەوە سەبارەت بەم سێ ـ چوار گرێبەستانەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەرێگای ( هەردوو ئیدارەی) جارانی:
١- لەمەشدا رەچاوی دیاردەی (پەنجا بە پەنجا) کراوە
٢-زۆربەیان لە گەڵ کۆمپانیای تورکین . یان راستەخۆ، یان بە هاوبەوش . ئەمەش

یەکەم جارە کە تورکیا بە فەرمی داخلی بە کەرتی نەوتی ئەم وڵاتە دەبێت ( بڕوانە خەت و ناوچەی ئیمتیازی گرێبەستی یەکەم ( چەمچەماڵ ،کفری ، خانەقین ..!) یان ئەوەی سێهەم ( زاخۆ و خەتی دەشتی هەولێر بە پردێ..!! ).
٣- ئەم گرێبەستانە لە سەر بنەمای ( مشارکە الانتاج ) ە ئەمەش هەر وەکو لە دیمانەیەکماندا لە ڕۆژنامەی هاووڵاتی ژمارە(٣٢٢) ئاماژەمان بۆ کرد، جۆرە گرێبەستێکی بواری پیشەسازی نەوتە کە لە مێژەوە وەلاوەنراوە ،ئەگەر پیادەیش کرابێت ئەوە بۆ ئەو ناوچەنەیە کە ئەگەری دۆزینەوەی نەوت و غازی بە دەگمەن لێدەکرێت ،واتا سەرمایەیەکی زۆر وتەکنەلۆجیای پێشکەوتوو و تەحەمولی ( مجازفە) یەکی گەورە و، کولفەی گران بە دوای نەوت وبیر لێدان و دەرهێنانێکی زۆر ، کە هەر هەموو ئەمانە لە وڵاتی ئێمە بوونی بۆ نیە، هەتاکو بەپێی هەموو ئەو مەرجانە ئەگەر وڵاتێکی ناچاربێت بۆ بەستنی ئەم جۆرە گرێبەستانە ئەوەپاش چاکسازیەکی باش بووە لە سەر بنەماکانی .
**٤- تاکو ئێستا ناوەڕۆکی ئەم گرێبەستانە بۆ خەڵکی کوردستان و دەسەڵاتە فەرمیەکانی و ناوەندەکان هەر وەکو وتمان ، تەڵەسمێکە..!**
**٥- باس لەو دەکرێت کە ڕێژەی قازانجی کۆمپانیا بیانیەکان لە نێوان (٥٠- ٤٠٪) ە. ئەمە ئەگەر وابێت جۆرە تالانکردنێکی سەروەت وسامانی نەوتی کوردستانە . هەر بۆ نموونە ئەگەر هاتوو یەک بەرمیلی نەوت بە (٦٣) دۆلار حیساب بکەین . وکولفەی یەک بەرمیلی نەوت لە نێوان (١-٣) دۆلار بێت . ڕێژەی سوودی کۆمپانیەکانیش (٤٩٪) ( بێت بەپێی گرێبەستی یەکەم ) : ئەوە بە گشتی کۆمپانیەکە پاش کەم کردنەوەی ( کولفەی بەرهەمهێنان= (٣دۆلار) ، لە بەرمیلێکی نەوت (٢٩,٤) دۆلار قازانجیەتی . واتە ڕێژەی قازانجی هەر دۆلارێک لە(٣٠٠٠٪) زیاترە کە چی ڕێژەی (١٢٪) وەکوو سوود ، بە پێی قیاساتی کەرتی پیشەسازی نەوت بە پلەی ( نایاب) دەژمێردرێت ..!**
٦- باسی ئەوە هەیە کە نرخی یەک بەرمیلی نەوت لە هەندێ لەو گرێبەستانە لە کەمتر لە (٢٠) دۆلار حیسابکراوە بۆ ئەو کۆمپانیانە ، لە کاتێکدا نرخی یەک بەرمیلی نەوتی ئەو سەردەمە لە پەنجا دۆلار زیاتر بوو ، ئەمڕۆ لە سنووری (٧٠) دۆلارە . ئەمەش ئەگەر وابێت جێگای سەرسوورمان وپرسیارە . بە تایبەتی هەموو ئەو کۆمپانیانە کۆمپانیایەکی ( نەناسراون لە بازاڕی نەوت ) ، یان هەرهیچ نەبێت زۆربەیان . ئەگەر گرێبەستەکان وەکو خۆی جێبەجێبکرێت وپاش چەند ساڵی دیکە دەستبکەن بە بەرهەمهێنانی نەوت ، دوور نیە نرخی یەک بەرمیلی نەوت تەجاوزی (٨٠) دۆلار تێپەڕ بکات . هەروەها نەزانراوە نرخی یەک بەرمیلی نەوت لە ( سەر) بیرەکان حیسابکراوە یان لە دوا قوناغی بازاڕی نەوت . ٧- ماوەی ئەو گرێبەستانە وەکو باسی لێوە دەکرێت لە نیوان (٤٠-٣٥) ساڵە . ئەمەش بۆ واقیعی ئەمڕۆی بازاڕ وئایندەی نەوت و، واقیعی کوردستان وعێراق، ماوەیەکی یەکجار درێژە وپەسند نیە.
٨- بازدانی بازنەی دەسەڵاتی دەستڕۆی هەرێمی کوردستان بە سەر حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان وناوەندەکانی دیکە و، بە سەر خودی بنکە و بازنەی فراوانتری سەرکردایەتی حزبەکانی خۆیانیشەوەو، ئاشکرا نەکردنی ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستانە ،

جێگای پرسیار و گومانە، و دژی پرەنسیپی ( شفافیە ) ت ورێزگرتن لە راو خواستی خەڵکی کوردستان و دەزگا فەرمیەکانێتی . بە پێی یاسای ژمارە یەکی کوردستان ، کە تاکو ئێستا بە ( دەستوور ) ی هەرێمی کوردستان دەژمێردرێت، تەنها پەرلەمانی کوردستانە مافی بڕیاری چارەنووسسازی هەیە. تۆ بڵێیت لە نەوت وکێشەی نەوتی ئەم وڵاتە ، دیاردەیەکی دیکە هەبێت بە ئەندازەی نەوت چارە نووســـــازتربێت ...؟! هەروەها ، بودجەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ،ئەگەر ( ١٠٠٪ )ئیعتیمادی لە سەر داهاتی نەوت نەبێت ئەوە لە (٩٥٪ ) کەمتر نیە ...!

٩- بەو زانیاریانەی ئەگەر چی زۆر کەمە ، دوور نیە ناوەندی بەغدا ، وا بە ئاسانی ، ملکەچ نەبێت بۆ پەسند کردنی ئەو گرێبەستانە. لایەکی سیاسی و شۆفینزمەکەیەتی ، هەروەها ناوەڕۆک وجۆری گرێبەستەکانە و، لایەکی دیکەی لایەنی یاسایە .بۆ لایەنی سێهەمیان کە (یاسایەکەیەتی ) :

* ١- ئەم گرێبەستانە لە پەرلەمانی کوردستان ، بڕیار یان یاسایەکی پێ دەرنەچووە تاکو ئەمڕۆ لایەنی کوردستانی پشتی پێ ببەستێت و بۆ ئیعتیماد کردن لە سەر ماددەی ( ١٤١ )ی دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق ( يستمر العمل بالقوانين التي تم تشريعها في أقليم كوردستان منذ عام ١٩٩٢ ، وتعد القرارات المتخذه من حكومه أقليم كوردستان بما فيها قرارات المحاكم والعقود ـ نافذه المفعول ، ما لم يتم تعديلها أو الغاوها حسب قوانين أقليم كوردستان ، من قبل الجهه المختصه فيها. وما لم يكن مخالفه لهذا الدستور. ) . وەکو یاسایەک . لەوەش گرنگتر،

*٢- لە دەستوور (العقود= گرێبەست) پێناسە نەکراوە . ئایە مەبەست ( عقودی دادگاکانە ، یان عقودی زەواجە ..هتد) . دوور نیە لایەنی ناوەندی بەغدا ئەم ( العقود) ە بە گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیای بیانی لە قەڵەم نەدات . یان پەنا ئەبات بۆ زاراوەی ( نافذه المفعول) یان دوا رستەی ئەم ماددەیە ( وما لم يكن مخالفه لهذا الدستور) . ساڵی ٢٠٠٤ بە تەفصیل لە بابەتێکماندا لە ( خەبات) باسی (فرت و فێڵی) ی ئەم ماددەیەمان کرد لە یاسای ئیدارەی دەوڵەت بۆ قۆناغی گواستنەوەو، پێشنیارمان کرد لە داڕشتنی دەستووری هەمیشەییدا رەچاو بکرێت ،کەچی موعالەجە نەکرا . هیوادارم لایەنی ناوەندی بەغدا لە تەفصیل و لەپیادەکردنی ئەم ماددەیەدا گرفت بۆ لایەنی کوردستانی دروست نەکەن. *٣-بە پێی پرۆژەی یاسای نەوت وغازی کۆماری العراق ، ناکۆکیەکی زۆر هەیە لەگەڵ خودی ناوەڕۆک وجۆری دەسەڵات لە نێوان پرۆژەکە و ئەم گرێبەستانەدا ... ناکۆکیەکانی لە توێی هەڵوێست و قسەکانی کاربەدەستانی ئەمریکی و، راپۆرتی بێکەر -هامیلتون و، (رایس) و (خەلیلزاد ) و راپۆرتی (گرووپی قەیرانەکان ) و، وەزیری نەوتی العـراق و زۆر لە نوێنەرانی ئەنجوومەنی نوێنەران و لایەنە سیاسیەکانی عێراقی غەیرە کورد و وڵاتانی ئیقلیمی بەتایبەتی تورکیا وەدەردەکەوێت ...هتد

*٤- لە مێژەوە مشتومڕ وناکۆکی نێوان ناوندی بەغدا و دەسەڵاتی فەرمی هەرێمی کوردستان بەدی دەکرێت . رێکەوتنامە نهێنیەکەی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی بەغدا لە ٢٠٠٧/٢/٢٦ ، هەرچەندە بە فەرمی رانەگەێنراوە ،

بەڵام لایەنێکی گرنگی ناکۆکیەکان روون دەکاتەوە . ئەوەی تاکو ئێستا مەعلومە لەو (ناکۆکیانە) ئەو چەند خاڵە سەرەکیانەیە کە لە پێشەکی پرۆژەی یاسای نەوت وغازی ناوەندی بەغدا تەسبیت کراوەو، دووریش نیە هەر ئەو چەند خاڵەیش بێت . ئەو رێکەوتنامەیە پاش سەردانەکەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا ( رایس) بۆ العراق لە ٢٠٠٧/٢/١٧ ئەنجام دراوە . هەر چەندە بە فەرمی وا بڵاوبوەوە : کە سەردانەکەی ناوبراو بۆ العراق ، تایبەتی بووە بە باری ( نەخشەی ئاسایش) ی ئەم وڵاتە ( الخطه الأمنیه) ، بەڵام لە نووسینێکی (نیویۆرک تایمز ) لە ٢/١٧ لە ژێر ناو نیشانی ( لە سەردانە چاوەڕوان نەکراوەکەی بۆ بەغدا، رایس فشار دەخاتە سەر سەرکردە عێراقیەکان بۆ ودەستهێنانی دەستکەوتەکان) جەختی کردووە لە سەریان: ( ان علیهم انهاءالعمل علی قانون النفط ) هەروەها دەڵێت ( سەرکردەکانی عێراقی دەڵێن یاساکە تەقریبەن تەواو بووە .) و، بۆ ئەوەی ( رایس) بێ تەحەملی وپەلە کردنی ئەمریکا دووپاتکاتەوە بەردەوام دەبێت لە قسەکانی بۆ رۆژنامەوانان و دەڵێت ( لقد قلت لزملائی باننی سمعت مثل هذا الکلام سابقا ، وفی هذه المره یجب ان یعنی ان القانون قد اکمل فعلا" ... کما فی المعنی الحرفی لکلمه اکمل..) . جێی خۆیەتی ئاماژەش بۆ رستەیەک لە قسەکانی ( رایس) بکەین ، سەبارەت بە هەمان بابەت کاتێک ، لە ٢٠٠٧/١/١١ ، لە بەرامبەر ئەندامانی کۆنگریسی ئەمریکی وتی ( بالرغم من توقع أن یؤکد الکورد بأنهم سیسیطرون بسهوله علی الموارد النفطیه بنفسهم ، ولکن هذا لیس ما سیقوم به القانون ..)

*٥- فشاری ئەمریکا لە سەر لایەنی کوردی بۆ بە هێز کردنی دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا لە سەر حیسابی دەسەڵاتی کوردستانی تەنها لەراپۆرتی بێکەر - هامیلتون و راگەیاندنەکانی ( کوندالیزا رایس ) لەو بارەیەوە بە دی ناکرێت ، بەڵکو لە دوا سەردانەکانی باڵیۆزی ئەمریکا ( زەڵمای خەلیلزادە) بۆ کوردستان و کۆبونەوەی لە گەڵ تاڵەبانی و بارزانی -یش.

*٦- کۆبوونەوەکە هەر وەکو هەندێک لە چاودێران مەزەندەیان کردووە زیاتر بۆ حەسمکردنی هەڵوێستی کورد بوو لەمەڕ پرۆژەی یاسای نەوت و غازی ناوەندی بەغدا و پێکهاتنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەند لە ٢٠٠٧/٢/٢٦ لەسەر ئەو چەند خاڵەی کە بووەتە ورەقەیەکی پرۆژەکە و پاش ئەو سەردانە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی وەزیرانی کۆماری العراق هەریەک لەلای خۆیەوە ئاماژەیان بۆ ئەوەکرد کەچی گرفت لە رێگای یاسای نەوت و غاز نەماوە و ئەنجوومەنی وەزیران پرۆژەکەی پەسەند کردووە و دەبینرێت بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران، بوش و رایس و زەڵمای گەرماو گەرم پیرۆزبایی و خۆشحاڵی خۆیان پیشاندا و بەسەرکەوتنێکی مەزنیان دانا.

*٧- ئەو رێککەوتننامەیە کە یاداشتێکی ئیمزا نەکراوە، وەکو وەرەقەیەک لەپێش پێشەکیەکەی پرۆژەی یاسای نەوت وغازی کۆماری العراق مێژووی ٢٠٠٧/٢/٢٦ پێوەیە و ، لە سنووری دوو لاپەڕەیە و پێکهاتووە لە دیباجەیەک و (٥) خاڵ. ئەگەر چی دیباجەکەی جەخت لە سەر ماددەی(١ ١١و ١١٢) ی دەستووری هەمیشەیی دەکات بێ

مـاددە وبڕگـەكـانی دیكەی پەیوەندار ، هەر (٥) خـاڵەكـەی تەعـبـیـرە لە ناوەڕۆكی ناكۆكـیـەكان لە نێـوان هەردوولا . لە خاڵی (١) مـیـدا جەخت لە سەر ئەوە دەكات كە دەبێت پرۆژەی یاساكە لە گەڵ هەر (٤) پاشكۆكەی ،پاش ئەوەی پێكدێن لەسەر بنەماو مەرجە گشتیەكانی نموونەكانی گرێبەستە نەموزەجیەكان و ،لەگەڵ پرۆژەی یاسای ئیدارەی داهاتی ئابووری ، پێكەوە بدرێت بە ئەنجوومـەنی نوێنەران . دەبێت لایەنەكان كار بۆ ئەوە بكەن كـە پێش ٣١ /٢٠٠٧/٥ ئەنجام بدرێت . وا ئێـسـتـا كـۆتایی مـانگی (٢٠٠٧/٥) ە ، كـەچی هێـشـتـا باس لە تەواوبوونی ناكـرێت .لە خـاڵی (٢)ی ئەو رێككەوتنامـە ، ناوەند وهەرێم جـەخت لە سـەر ئەوە دەكـەن كە دەبێت پرۆژەی یاسـای كۆمپانیای نیشتمانی نەوتی العراق ویاسای وەزارەتی نەوتی ناوەند جووت بێت لەگەڵ مـاددەكـانی یاسـای نەوت وغـازی ناوەند و، هەروەهایش دەبێت پرۆژەی یاسـای نەوت وغازی هەرێمی كوردستان هاوتەریب ورێک بێت لەگەڵ ئەحكامی یاسای نەوت وغازی ناوەند ودەستووری هەمیشەیی العراق. لە خاڵی (٣) یدا جەخت لە سەر ئەوە دەكات كـە : گـشت جـۆرە (عـەمـەلیـاتێكی نەوتی) لەو ناوچانەی كـە مـەشـمـولە بە ماددەی(١٤٠) هەڵدەواسرێت، چونكە ئەگەری گۆڕانكاری ئیداری لە سنوورەكانیاندا دەكرێت ، بەڵام هەر هەمان خاڵ مەودای كاركردنی كۆمپانیای نیشتمانی نەوتی كۆماری العراقی داوە، كە بەردەوام بێت لە( عەمەلیاتی نەوتی خۆی لەو ناوچانە و سەبارەت بە كێڵگە بەرهەمهێنەرەكانی ئێستا) . و لە خاڵی (٤) یدا هەموو لایەک دەبێت پابەند بن بە راگـرتنی مـۆر كـردنی هەرجـۆرە گـرێبـەسـتـێک، یان چوونە ژێر باری هەر جـۆرە ئیلتزاماتێک سەبارەت بە چالاكی بە دواگەڕان و بەرهەمهێنانی نەوت لە گشت خاكی العراق ، تاكو دەستبەكاربوونی یاسای نەوت وغازی ناوەند . ولە خاڵی (٥) یدا باسی ئەوە دەكات كە : حكوومـەتی ناوەند بە تنسیق لەگەڵ حكومـەتی هەرێمی كوردسـتـان هەڵدەستن بە تـەواو كـردنی مـوسـتـەلزەمـاتی جێـبـەجـێكرنی یاسـای نەوت وغـاز و تەفـعـیلكردنی ئەو دامـودەزگـانەی كـە یاسـاكـە نـاوزەدی كـردوون، لە پێش تـەواو بوونی مـانگی (٢٠٠٧/٥) و، ئەگـەر لەو مـاوەیەدا تەواو نەبوو ، سـەرۆک وەزیرانی العـراق وسەرۆک وەزیرانی هەرێمی كوردستان كۆ دەبنەوە بۆ باسكردنی تەواو كردنیان لە ماوەی یەک مانگ و ، دۆزینەوەی رێگا چارەیەک لە سەر بناغەی ئەم دوو هەڵبژاردە:

**یەكەمیان** : ئەگەر هاتوو خاڵی (٥) جێبەجێنەكرا تاكو ٢٠٠٧/٥/٣١، هەردوولا بۆیان هەیە ئیـمزای گرێبەستی ( گەشەپێدان و بەرهەم ) بكەن ، هەروەكو لە دەستوور و لە پرۆژەی یاسای نەوت وغازی ناوەند و بنەماكانی گرێبەستە (نموزەجیەكان) هاتووە ، ئەمـە هەڵبـژاردەی یەكـەمـە ( الخیـار الاول) ، ( ئەمـەش ناگـونجێت لە گـەڵ ناوەڕۆكی پرۆژەی یاسایی نەوت وغازی كۆماری العراق).

**دووهەمـیـان:** ئەو مـاوەیە كە لەم خـاڵەدا هاتـووە (٥) ، درێژەی پێ بدرێت . ئەم درێژە پێدانەش تەحدید نەكـراوە لەم رێككەوتنامـەیەدا ، واتە كـراوەیە و گـفـتـوگـۆی لەسـەر ئەكرێت.

دەیەم

لە خـاڵـی (٢) ی ئەو ڕێککەوتنامـەیەدا ، ئـامـاژە بە پرۆژەی یاسـای نەوت وغـازی هەرێمی کوردستـان کـراوە . ئەم پرۆژەیە بە فـەرمی ڕانەگەیندراوە ، وەلێ لە میـدیاکـانی جیهانی باس کراوە و، چەند بەرپرسێکی حکوومەتی هەرێمی کوردستـان ناویان هێناوە و، دەقی پرۆژەکـە بە ئینگلیـزیە و، هەر بە ئینگلیـزیش لە هەندێ سـایتی بیـانی بڵاوکراوەتەوە ، زۆر ناوەند ودەزگاو ،حکوومەت ومیدیای بیانی و لایانە و بە ئاگان و شرۆڤە و باسی کردووە ، کەچی نە تەرجومە کراوە بۆ کوردی، نە بۆ عەرەبی و، نە دراوە بە ناوەندەکـانی دەسـەڵاتی فـەرمی ونە بە مـیـدیاکـان وکـەناڵەکـانی ڕاگـەیاندنی کوردستانیش ، ونەخەڵکی کوردستان لێی بە ئاگایە . ئەمەش وەکو خودی یاسای نەوت وغازی ناوەندی بەغدا و گرێبەستەکانی هەرێمی کوردستان لەگەڵ کۆمپانیەکانی تورکیا و بیـانیـەکـان و، هەتاکـو ئەو ڕێکەوتنامـەیەی مـێـژووی ٢٠٠٢/٢/٢٦ لە نێـوان حکوومەتی ناوەند و حکوومەتی هەرێم ، لە خانەی زۆر نهێنیدایە .....!

بە هەر حـاڵ دیارە حکوومـەتی هەرێمی کـوردسـتـان لە ٢٠٠٦/٩/٩( پرۆژەی یاسـای نەوت وغـازی هەرێمی کوردسـتانی داوە بە چەند دەزگا وناوەندێکی ڕاگەیاندنی بیـانی . پرۆژەکـە هەر وەک ئامـاژەمـان بۆ کـرد ، بە زمانی ئینگلیـزی ئامـادە کـراوە . وەکـو لە مـیـدیاکـانی بیـانی باسی دەکـەن گـوایە پرۆژەکـە لە لایەن دەزگـای ( بی . اف . سی . ئەنرجیسی ئەدفایزەر) ی ئەمریکی ئامادە کراوە ، . ( B.F.C.Energys Advis-er) کە دەزگـایەکی پیشـەیی یاسایی ناسراوی ئەمـریکیـە بۆ کـاروباری ڕاوێژکـاری . هەندێ لە پسپـۆڕانی بـواری کەرتی پیشـەسازی نەوت لەو باوەڕەدان کە پرۆژەی یاسـای نەوت وغـازی هەرێمی کوردستان لە ڕووی یاسای و میـهەنێتەوە و، لە ڕووی ڕێکوپێکی ودرووستی زاراوە یاسـای و ئابووری و هونەریەکانی نەوتی و چۆنیـەتی داڕشتـنی مـاددە وبڕگـەکـانی زۆر باشتـرە لەوەی حکوومـەتی ناوەند و، باشتـر وابوو ئەم پرۆژەیە لەلایەن وەزارەتی سەرچاوە سرووشتیەکانی حکوومەتی کوردستان بە فـەرمی تەرجومە بکرایەتە سـەر زمـانی کـوردی و لە ڕاگـەیاندنەکـانی کـوردسـتـان بڵاوبکرایەتەوە هەر چۆن ئینگلیزیەکەی لە میدیاکـانی بیانی بڵاوکراوەتەوە . لە کوردستـانیش ئەوەندە ڕوشنبیرو ئابووریناس و پسـپـۆڕی بـواری یاسـا ونەوت وئابووریمان هەیە ، هەر چ نەبێت بە ئەندازەی هەندێ لە بەرپرسانی ئەمڕۆی بواری نەوت و کـانزا سرووشتـیەکانی کوردستـان دیکە ،موهتەم بن بە سەروەت سامانی وڵاتەکەیان و، کاریان بۆ کردبێت وشەرم نەکەن لە زبانی کوردی شیرینی خۆیان و،لە وان زیاتر حیساب بۆ ڕای گشتی کوردستان بکەن ،بە تایبـەتی سـەبارەت بە کـاڵایەکی ئیـسـتـراتیـجی وەکـو نەوت . سـەیر لەوەدایە ئەو پرۆژە وگـرێبـەسـتـانە بدرێن بە ڕاگـەیاندنەکـانی بیـانـی بە هەمـوو جۆرێ ،یان بـاسی گـشت وردەکاریەکـانی پرۆژەیەکی وەها بکەن کە ڕاستـەوخۆ پەیوەندی بە چارەنووسی خـەڵکی کوردستـانەوە هەبێت ، کەچی ،ئەم جۆرە کـاربەدەستانە هەمـان ماف بۆخـەڵکی کوردستـان بە ڕەوای نابینن ،کە دەزگـا پەیوەندارەکـانی خۆیان ،ڕاگەیاندنی خۆیان ، خـەڵکی خۆیان ئاگادار نەکەنەوە لە ناوەڕۆکی ئەو گرێبەست و بگرە وبەردەو ناکۆکیـەکانی بواری ئەو کاڵا چارەنووسسازە ...!

باس کردنی ناوەڕۆکی پرۆژەی یاسای نەوت وغازی هەرێمی کوردستان زۆر هەڵدەگرێت و لە دەرفەتێکی نزیکدا باسی دەکەین ...

**پوختەکەی**

یاسای نەوت وغازی کۆماری العراق کە لە دوای٢٠٠٧/٢/١٥ وەک راگەیەندراوە ، ئەنجوومەنی وەزیرانی العراق پەسندی کردووە . کە نێردرا بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران ، لە بەر کەم وکوڕی ورەخنەیەکی فرە لایەن ، وەریان نەگرتووە، یا ناردراوەتەوە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران. ناردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ رەخنەیەکی زۆر وچەند لایەنانەی . سیاسی و ئابووری ویاسایی وهونەری.. لە وتارێکماندا لە هەفتەنامەی( هاوولاتی ) ژمارە (٣٢٤ ) ی ئەم ساڵ ، ئاماژەمان بە رەخنە (گشتی)یەکان کرد و، لە خاڵەکانی سەرەوەی ئەم باسەیشماندا تیشکمان خستە سەر چەند لایەنێکی دیکەی ناوەڕۆکی لە گەڵ ئەوەشدا:

١- ئەم پرۆژە یاسایە لە بنەڕەتدا ویستێکی ئەمریکی وئیدارەی ( جورج دەبلیو بوش) ە ، وەک ئامانج و رێگا چارەیەکی سەرەکی لە داگیرکردنی العراق و رزگار بوون لە زەلکاوەکەی .

٢- هەر چۆن لە سەرەتای سەدەی رابردوو ، نەوت هۆکاری جەزبی زلهێزەکان بوو بۆ ئەم ناوچەیە و، لە ژێر پەردەی ئازادی و دیموکراتی و شارستانیەت و بازاڕی ئازاد داگیریان کرد و، ئەم ( العراق)ە دروست کرا لە لایەن ( بەریتانیا ) ی عوزما و، لە گەڵ فەرەنسا وئەمریکا دەستیان بە سەر سەرچاوەکانی نەوتدا گرت و،کۆمپانیا زبەلاحەکانیان لە ژێر فشاری هێز ودەسەڵات ونفوزی داگیرکەر و بە پێی مەرجەکانیان ،گرێبەستەکانیان فەرز کرد و، نەوتی ولاتیان بۆ ماوەی زیاتر لە نیو سەدە تالانکردن و، رژێمی دەستکردیان دروست کرد و، تۆوی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی ورەگەز پەرستیان چاند و گەشەیان پێدا ، تاکو ناوچەکە وئەم ولاتەیان توشی چەندین شەڕ وگرفت کرد ، هەروەهایش وا لە سەرەتای ئەم سەدەیە و لە بەر نەوت وغاز ، ئەمریکای زلهێز بە هاوکاری بەریتانیا ، عێراقیان داگیر کردەوە . رژێمی دەستکردیان لادا . رژێمی دەستکردی دیکەیان درووستکرد. وغەرقی شەڕی ناوخۆیان کرد. بە پاساوی دوور خستنەوەی ئیرهاب لە سەر هاوولاتی ولاتی خۆیان ،وا عێراقیان بە کوردستانیشەوە ، کردوەتە خاڵێکی جەزبی ئیرهاب . لە جیاتی رزگاری و ئازادی و دیموکراتی وگەشەپێدانی ئابووری وکۆمەڵایەتی ، وا دەمارگیری ئاینی ئوسولی وسیاسی وتایفەگەری و رەگەز پەرستی وئیرهاب وشەڕی تایفی و رەگەزی ناوخۆ و، بەردەوام بوونی سیاسەتی تەعریب وگۆڕینی قەوارەی نە تەوایەتی و بێکاری و گرانی وقڕ وقاتی و نا ئاسایشی و،بەرەڵای و دەستێوەردانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی و، فەرز کردنی ئەجندەکانی ئەم زلهێزانە ، بە تایبەتی لە بواری نەوت وغاز وئابووری ، پیادە دەکرێت ...!

٣- ئەگەر چی پرۆژە یاساکە بە زاهیر ،کۆمەڵێک پرەنسیپ و دام ودەزگای نوێی تێدا بەدی دەکرێت ، وەلێ لە ناوەڕۆکدا گەڕانەوەیێکی بەرەودواوە ،لە بواری سەربەخۆی و خاوەنداری نەوت وغازی العراق، بە فالا کردنی دەرگای العراق بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان وئەجندەی تایبەت و بەرژەوندیەکانیان و، تەرکیزکردن لەسەر پرەنسیپی (

مشاركه الانتاج ) ،زۆر لەو پرەنسیپ و دیاریدەیانە ( نسخ ) دەكات .
٤- لە نێوان لایەنەكانی بەشدار لە دەسەڵاتی ناوەندی بەغدا بە گشتی و ،لە خودی یەک لایەنیش بە تایبەتی ، كۆمەڵێک دیدو بۆچوون، لە سەر هەندێ جەمسەری سەرەكی ئەم پرۆژە یاسایە بە دی دەكرێت ، چ لە سەر هەل وكات واقعی ئەمرۆی العراق وەكو وڵاتێكی داگیركراو ومانەوەی دۆسیەكانی ئەمنی و ئابووری بە دەستی هێزی داگیركەری ئەمریكی ، ولاوازی و بێ توانای حكوومەت و دام و دەزگاكانی لە گشت بوارەكانی ژیانی ئەم ولاتە و ،چ لە سەر ناوەڕۆكی.
٥- دەستووری هەمیشەیی العراق هێشتا لە قۆناغی پێداچوونەوەدایە . دوورنیە دەستكاری چەند پرەنسیپ ومادده وبڕگەیەكی بكرێت . یەک لە هۆكارە سەرەكیەكانی فەرزكردنی ئەو پێداچوونەوەیە بە دەستووری هەمیشەیی العراق لە لایەن بەرهەڵستكارانی و ،(كێشەی سەروەت وسامانی نەوت وغاز وكەرتی پیشەسازی نەوت و، شێوە وشێوازی ئیستغلاكردن ودابەشكردن و، دەسەڵاتەكان ...هتد ) بوو. بۆیە دەرچواندنی یاسایەكی وا چارەنووساز و پەیوەندار بە مێژوو سەروەری و ئابووری وئەمرۆ ودوا رۆژی العراق ، هەر چی نەبێت پێش تەواو بوونی دارشتنەوە وپەسند كردنی دەستوور و، لە بارودۆخی ئەمڕۆی ئاڵۆزاوی ئەم ولاتە ، كارێكی نا بەجێیە.
٦- ئەم پرۆژە یاسایە، بە چەند مادده وبڕگە و رستەی بریقەدار ، ئاماژەی بە چەند پرەنسیپێک كردووە لە ماف و بەشداری لایەنی كوردستانی لە مەڕ دەرهێنانی نەوت وغاز بە گشتی . وەلێ لە ناوەڕۆكدا (كوردستانیەكان) خاوەنی سەروەت وسامانی خۆیان نین.(خاوەنی نەوت وغاز) ( گەلی ) العراق) ە و، بەشداری كوردستانیەكان زیاتر لە چوار چێوەی ( تەنسیق) و( راوێژ) تێناپەڕێت. ( تەنسیق ) و ( راوێژ) یش مولزەم نیە . یاداشتە ئیمزا نەكراوەكەی نێوان حكوومەتی هەرێمی كور دستان و ناوەندی بەغدا لە (٢٠٠٧/٢/١٦) ، تاكو ئەمرۆ ناوەڕۆكی لایەنێک لەو گرفتە دەخاتەڕوو. هەڵوێستی لایەنی كوردستانی دوای پەسند كردنی ئەو پرۆژە یاسایە لە لایەن ئەنجوومەنی وەزیرانەوە بووە . ئەمەش پرسی پرەنسیپی (التوافق) و رۆڵی فراكسیۆنی كوردستانی لە دەسەڵاتی كارگێڕی ناوەندی بەغدا دەخاتە ژێر پرسیارەوە .
٧- لە پرۆژە یاسایە ولە ماددەی (٤٠-ب) یدا دەسەڵات دراوە بە وەزارەتی نەوتی حكوومەتی ناوەند ، كە لەماوەی (٣)مانگی لە دەرچواندنی یاسای نەوت وغازی ناوەند دەبێت بەگشت گرێبەستەكاندا بچێتەوە كەلەپێش دەرچواندنی و پیادەكردنی ئەم یاساییە ئیمزا كراوە و ئەنجامی پێداچوونەوەكەیان بدرێت بە ( ئەنجوومەنی نەوت و غازی فیدراڵ) و(ئەنجومەنی فیدراڵ) بڕیاری كۆتایی لە پەسندكردن یان چاكسازی یان رەتكردنەوەی ئەدات ، كەچی لە بڕگەی ( أ ) هەمان ماددەدا ، دەسەڵاتی پێداچوونەوە بە گرێبەستەكانی حكوومەتی هەێمی كوردستان ( ئەوانەی كە ئاماژەمان بۆ كرد)داوە، بە(مەكتەبی راوێژكارانی سەربەخۆ= مكتب المستشارين المستقلين)، و بڕیاری ئەم ( مەكتەبە ) قاتیعانە دەبێت . واتە نە بۆ حكوومەتی هەرێمی كوردستان و، نە پەرلەمانی كوردستان وئەنجوومەنی نەوت وغازی فیدراڵ .... هتد) ، ئەڵێن بو هیچ لایەک نیە بڕیاری ئەو ( مەكتەبە) رەتبكاتەوە. ئەمەش جگە بە سووک تەماشاكردنی ناوەند

،دەرحەق بە دام ودزگاپەیوەندارەکانی هەرێمی کوردستان ، نا تەبایە لەگەڵ ماددەی (١٢١-ثانیا" ) دەستووری هەمیشەیی کۆماری العراق. سەبارەت بە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان. ٨- ئەو چوار گرێبەستە ( نهێنیانەی ) ( هەردوو ئیدارەی ئەودەمی هەرێمی کوردستان) لەگەڵ کۆمپانیەکانی تورکیا وبیانی ، پێش( رزگاری) ، یان کە دواتر ئیمزا کراون و، لە پێش پەسندکردنی دەستووری هەمیشەیی العراق و ئەم پرۆژە یاسایەدا بووە، وهەر ئەمەش بوەتە مایەی مشتومڕی لەسەرە و،هەر لە نێوان ناوەندی بەغدا وهەرێمی کوردستان

٩- لە قۆناغەکانی پێش ( رزگاری) ( داگیرکردنی) العراق، بە زۆری زۆرداری و، بێ ئارەزو وخواستی سەرکردایەتی کورد و خەڵکی کوردستان ، زلهێزەکان و دەسەڵاتی خۆجیەتی عێراق، ئەوەی ویستیان فەرزیان کرد بە سەر ئەم میللەتە. وەلێ ئەمڕۆ زلهێزێکی وەکو ئەمریکا ،(کە هەمیشە لایەنی کوردستانی خۆی بە لایەنگیر وهاوپەیمانی دەزانێت و، بە هەواوە دەژێت کە لەو سۆنگەوە دێت و یەک تەرفە بۆ خەڵکی خۆی وجیهانیش ، دوونیای بۆ کردوەتە شامی شەریف ) و، دەسەڵاتی ( هاوبەشی) ناوەند ، بە بەشداری خودی لایەنی فەرمی هەرێمی کوردستان و، لە ژێر دروشمی واقعیەت ، وبنیادنانی دەوڵەتی یاسا و دیموکراتیەتی ومافی مرۆڤ وشەفافیەت ، سەروەت سامانی کوردستان ( بە دەستوور وبە یاسا) بە (عەمەلی) زەوت کرا و، لە سنووری (٥١ ٪ ) ی خاکەکەی بە دەقی دەستوور و یاسایی کرا بە ناوچەی( المتنازع علیها ) و، چۆن کوردستانیەکان مافی خاوەنداریان هەیە هەر هەمان شت بۆ (تەعریبچیەکان) یش ...! واتا ئەوەی کە بە زۆر فەرز کرابوو ، خەڵکی کوردستان هەمیشە قەبووڵی نەکرد و، دانیان پێنەئەناو لە پێناو رەتکرنەوەی لافاوی خوێن وقوربانیان داوە ، وا بە بەندی دەستووری ویاسا قەبووڵکرا..! ئەوەیش باوەڕی وایە ئەوەی بە زۆر فەرز کرابوو بە یاسا وەردەگیرێتەوە ،یان زۆر گەشبینە، یان هێشتا بە باشی مێژووی گۆرینی قەوارەی نەتەوایەتی و، ناوەڕۆکی کێشەی کورد لەم ناوچەیە ناخوێنێتەوە و،تاکو ئێستا بەرامبەرەکەی بە باشی نەناسیوە و،لە زەوق و وەرەقی ئەمریکا و ئەخلاقی ( کلنتۆن) و، پەیمان و هەڵکێشانی کاکە( بوش) بەباشی نەگەیشتووە.!

**٢٠٠٧/٥/٢٦**

**ئەم بابەتە لە رۆژنامەی خەبات بەشێوەی زنجیرە لە 2007/5/28 تا 2007/6/1 بڵاوبۆتەوە..**